کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-2-2007 20:19 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یا شتێک بە یا هەر شتێک مەبە ... بەهزاد حەوێزی



زۆر جار لە خۆم دەپرسم لەبەرچی تاکی ئادەمیزاد لە نێو گێژاوێك دا ژیان بەسەردەباو دواتر خۆی لە رابردووی نەبان دەکات و پێی سەغڵەت دەبێ، خۆ هەموو ژیانی ئادەمیزاد ریزبەندێکە لەو قۆناخانەی بەشێوەیەك سیستماك کراوە بەیەکەوە بەندن، بە لێکترازانی هەر ئەلقەیەکیش رەنگدانەوەی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەبێ، لەبەرئەوە رەنگەدەکرێ و رێی تێبچێ تا رادەیەك ئادەمیزاد ئاسودە بێ لەو بەخششەی لەبیرچوونەوە و خۆ لە یادکردن لە هەمان کاتیشدا نیگەران و سەغڵەت لەو کات و ساتە هەڵوێست ئامێزانەی رووبەرووی ئەو رابردووەی دەبێتەوە، بەڵام ئەو پرۆسیسەش بەو سادەوئاسانیە نییە وەك هەر باکگروەندێکی فیلمێکی سینەمایی یا بەر زەینخستنی شریتی عومری رابردوو، بەلکە تابلۆیەکی چرۆئاڵۆزە و ك! مە کەسیش هەیە بوێرانەودەسترەنگینانە بکارێ یاداشتیان بکات، جا چ لە رووی راستگۆیی بێ یاخود هونەری یاداشت نووسی.

ئەوەی ئەمرۆ نانی سەر خوانە رەنگە هەموو شتێك نەبێ، چونکە دەڵێن (ئێستا بە رابردووەوە نەبێ شلۆقە ناکری) بەڵام داخوا ئەو رابردووە ئەو پێوەرە بە نرخەیە سەرمانی پێ بئێشێنین!! یا لە کوێ پسا وازی لێبێنەو برۆ، ئێمە باس لە رێرەوتێکی ساخ و راست و دروست دەکەین کە مرۆڤ سەرمەشق و جلەوگریەتی، مرۆڤیش بەو مانایەی ئامانج و ئامرازێکی داهێنەرە، جا داهێنان بەبێ هەڵوێست و کەسایەتی راست و دروست چ ماناوکرۆکێکی ئینسانی بەخۆوە دەگرێ؟!.

ژیانی ئادەمیزاد لە هەڵەو کەموکوڕی بەدەر نییە، پێگەیشتنیشی مەحکومە بە کۆمەڵە نەریت و بەهای پەروەردەیی دنیایی (زەوینیی و ئاسمانی) و زنجیرەیەك پێوەری کۆمەڵگەیی، لەبەرئەوە لێرەدا مرۆڤی نموونەیی (یۆتۆپیایی) مان گەرەك نییە، بەلکە ئەو ئادەمیزادەی لە رووی چۆنیەتیەوە پێگەیەنراوەو خۆی پێگەیاندووە، کەسێك متمانە بە خۆیەو راستگۆیانە هەڵسوکەوت دەکات و سەربەرزانە رووبەرووی بەربەستەئیغراییە ماددی و نامادییە سوودمەندئامێزەکان دەبێتەوە، خۆ نادۆرێنێ بۆ بردنەوەی دنیا و بەرژەوەندی، بەهەرحاڵ ئەو هەویرە زۆر ئاوکێشە دەشکرێ لە دوماهیدا پەنجە بخەینە سەر ئەو خاڵە، کە ئەو پرسە حاڵەتێکی زۆر تایبەتە تەنیاوتەنیاش خودا و خودی خۆی دەزانێ چی لە نێو دڵ و دەروونی مرۆڤ دایە و! ئەو ئەرشیفەیشی چی تیا ریزبەند کراوە بەپێی ئەلفوبێی رەفتاروئاکاری خودی خۆی.

2006/11/22 هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.